# دۆخی فەلسەفەی ئیمانوئێل کانت

لەفارسییەوە: سەعید کاکی

بەشی دووەم

**٥- میراتی کانت**

گومان لەوەدا نییە، کەسێکی وەکو کانت بەهۆی شۆڕێکە لە فەلسەفەدا بەرپێی خستووە چ بەشێوەی ئەرێنی، یان بەشێوەی نەرێنی بێت، لەسەر بیرو بۆ چوونەکانی دوای خۆی کاریگەری داناوە و کێش و قورسایی سازکردووە.

کانت نەك هەر لە ئاستی خۆیدا یەکێك لە گەورەترینی فەیلەسوفەکانە، چونکە کاریگەری لەسەر بیرمەندانی دیکەو بە گشتی جیهان داناوە، پێویستە وەکو یەکێك لە ناودارترین کەسایەتییەکان حەسێبی بۆ بکەین هەربۆیە پێویستە لە دونیای ئەمڕۆدا، فەلسەفەکەی بەورد بینیەوە لێکبلەیتەوە.

ئێمێل برەییە لە باشترین مێژوونوسانی فەلسەفەی ئەم سەدەیەو لای وایە فەلسەفەی رەخنەیی بەهاڵەلێکی لە پانتای دەروونی و مەعنەوییدا، گەڕاندوە بۆ باوەشی مرۆڤ کە بەهۆی پەرەسەندنی ماتێریالیزم و گومانکاریی لەسەدەی هەژدەیەمدا زیانی لێکەوتبوو، هەرکە کانت دەرکەوت هەموو شتێك لە ئایین و ئاکارو یاساو هونەر لەمە بەدواوە پێویستە لەرێگەی عەقڵەوە هەڵسەنگێندرێت.

بریتیە لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەنوسێ: (لە سەدەی هەژدەیەم بە دواوە بە دڵنیاییەوە دەڵێم هیچ بیرکردنەوە یەك لە فەلسەفەدا نییە، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەژێر کاریگەری فەلسەفەی کانتدا نەبوویێت. هەربۆیە کەسانێك هەن دمیانەوێ فەلسەفەی رەخنەیی نەك وەکو رووداوێکی خێرا لە مێژووی بیروڕا چاولێبکەن، بەڵکو دمیانەوێت

وەکو کەشفێك چاویی لێکەن خاوەن بەهایەکی تـەواوەو رابـردووی لە داهاتوو جیاکردوەتەوە، بەڵام بەهۆی پەڕگیری و چڕو پڕی فەلسەفەکەی باس لە کاریگەری کانت سەخت و دژوارە، بە وتەی نوسەری ئەم کتێبە (کاریگەری بیرمەندێکی گەورە نەك لە رێگەی لایەنگرەکانی کە ستایشی دەکەن هەڵلەسەنگێندرێت، پێویستە لەرێگەی ئەو تیۆریە تایبەتانەی کە بەهۆی زێلەڕۆیی لە پەسەندکردنیان ئیدی پێویست بەوە ناکات باسی لەسەر بکەین، لە بابەتەکە بڕوانین) کاریگەری کانت هێندە قوڵ و بەربەڵاوە، کەس توانای ئەوەی نیە، ئەم کاریگەرییە لەسەر بیرمەندان و زانایان لێکبداتەوە.

ئەم ئیشە نەك هەر پێویستی بە نوسینی چەندین کتێب هەیە، بەڵکو کەسانێکی پسپۆری دەوێت لە چەندین زانست ئاگادار بن و ئەمەش لە توانای هەمووکەسێکدا نییە، لە فیزیاو بیرکاری و ژینگەناسی و ئەستێرەناسی تا دەگاتە فەلسەفەو لۆژیك، مێژوو، کۆمەڵناسی، خەڵکناسی، ئابوری، زانستی سیاسی و گەلێك زانستی دیکەش دەگرێتەوە

کانت باسی لە هەر زانستێك کردبێت، بە وردبینیەوە تازەگەری تێدا کـردووە و بەدەر لەمەش لە رێگەی دانانی فەلسەفەی رەخنەیی، میتۆدێکی چالاك و کەرەسەیەکی بەکەڵکی بۆ زانایانی تێکڕای زانستەکان ئامادە کردووە، پاشان بۆ پێگەیاندنی داهێنانەکانیان یارمەتیدەر بووە و ئەمەش کاریگەری لەسەر گۆڕینی بیرو بۆچوونەکانیان داناوە. هەر بۆیە ئێمە توانای ئەوەمان نیە، بە چڕوپڕی بـاس لە تێکڕای کاریگەرییەکانی کانت بکەین.

پێویستە لایەنێك تەلبژێر بکەین و لە باتی هەڵیت و پەڵیت وتن ئەو بابەتە لە ئاستی پێویستی ئەم وتارە بە قوڵی لێکی بدەینەوە

نوسەری ئەم کتێبە ئاماژەی بەهەندێك لە کاریگەرییەکانی کانت کـردووە، بیرو بۆچوونەکانی لەگەڵ بیروڕای فەیلەسوفە ئینگلیزی و ئەمریکییەکان هەڵسەنگاندووەو لەزانستیشدا، لەگەڵ بیرو بۆچوونی زانایانی فیزیاو ژینگەناسی و لۆژیکی بیرکاریش هەڵیسەنگاندووە بەڵام پانتای کاریگەری کانت لە فەلسەفەدا هێندە بەربڵاوە، ئەم ئاماژە پێکردنە ناوەڕۆکی باسەکە نابێکێ، لە سەدەی بیستەمدا سێ قێرگەی بەناو بانگ لە فەلسەفەدا سەریانهەڵداوە یەکەم قێرگەی ئەنگلۆساکسۆن، پۆزێتیڤیستە لۆژیکیەکان و شیکردنەوەی زمانی.

دووەم فـــەلـــســـەفـــەی ئێگزێستانسیالیستەکان و دیاردەناسی، سێیەم مارکسیستەکان جگە لە فەلسەفەی ئانگلۆساکسۆن بۆچوونی نوسەری ئەم کتێبەشە، کـانـت لـەو دوو قێرگەیەی دیکەشدا، بەرهەمی قوڵ و پتەویی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، دیاردەناسی هوسرڵ، بۆ دیاریکردنی مەرجەکانی گەیشتن بە ئەزمون، هاوشێوەی بنەماکانی فەلسەفەی رەخنەییە، کارڵ یاسپەرز لە بەناوبانگترینی فەیلەسوفە ئێگزێستانسیالیستەکانی سەدەی بیستەم، تاڕادەیەك تێکڕای بنەما فەلسەفیەکانی خۆی لە کانت وەرگرتووە، ناکۆکی ئەو لەگەڵ کانت لەوەدایە، کانت لە رێگەی پێوانەوە بە هەندێك ئەنجامی فەلسەفی دەگات، یان لێی وایە تیۆرییەکی لە بارەی بنەماکانی بیری مرۆڤ پێکهێناوە، کە بەهایەکی هەمەکی هەیە. کاریگەری کانت لەسەر هایدیگەر بۆ ئەو کەسانەی شارەزاییان لە فەلسەفەکەی هەیە، روونتر لەوەیە پێویست بە لێکدانەوە بکات و هەر لەم کتێبەدا بە کورتی ئاماژەمان پێداوە پاشان لەبارەی فەلسەفەی ژان پۆڵ سارتەر کە یەکێ لە خاوەن بیرەکانە کتێبی رەخنەی عەقڵی دیالێکتیکییە،

سـارتـەری بـە مـەزنترین بەرهەمی سەدەی بیستەم لەقەڵەمداوە. دەمێنێتەوە هیگلییەکان و مارکسیستەکان، کاریگەری کانتیان پێوە دیارەو نوسەر ((ویستویەتی خۆی بپارێزێ لەوەی کە قەبارەی کتێبەکە زۆر بێت)) ئاماژەی بەو قێرگانە نەکردووەو ئەمەش چاوپۆشی لێناکرێت و جێگەی رەخنەیە. شەپۆلی هیگلی و مارکسیستەکان پێکەوە لە پانتای مێژووی فەلسەفە کە بە ((ئایدیالیزمی ئەڵمانی)) ناوبانگی هەیە پەرەی سەند بەڵام جێگەی سەرنجە لێرەدا ئـەوە بڵێین کـەوا ئایدیالیزمی ئەڵمانی، لە کانتەوە سەرچاوە دەگـرێ و لەرێگەی فیشتە و شیلینگ و هیگڵ لەباڵی راستەوە ئایدیۆلۆژییەکانی وەکو، فاشیزم و ناسیۆنال سۆسیالیزمی لێدەکەوێتەوەو لەباڵی چەپەوە مارکس و مارکسیزمی لێدەکەوێتەوە کاریگەری کانت لەسەر مارکسیستەکان بۆ چەند دەیە حاشای لێدەکریت و پاش لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە لەلایەن گروپێك لە لایەنگرانی مارکس لە کۆتاییەکانی سەدەی رابـردوو و سەرەتاکانی سـەدەی بیستەم ئەمڕۆکە مارکسیستە وردبینەکان دان بەوەدا دەنێن، زۆربەی بیرۆکە کۆمەڵایەتیە نوێیەکانی مارکسیزم لە هەناوی فەلسەفەی کانت سـەرچـاوەی گـرتـووە. لـەم بەشەی وتـارەکـەدا، بـە لەبەرچاوگرتنی گرنگی مارکسیزم لە فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا، هەروەها هەنووکە نیوەی خەڵکی دونیا، لەژێر دەسەڵاتێکدا دەژین کە رەوایی خۆیان لەسەر لایەنگری لە بیرو بۆچوونەکانی مارکس دامەزراندووە لێرەدا



Hegel

دیێتکه مارکس و مارکسیستەکان سەبارەت بەکانت لەسەرشانیانه باسی لەسەر دەکەین.

دیارەهەرئەم کورتە باسە لەسەر کاریگەرییەکانی کانت پێویستی بەلێکۆڵینەوەی قوڵ و درێژماوە هەیەو لەم کورتە باسەدا ناگونجێت، بەڵام بۆ خوێندنەوەو شارەزایی زیاتری خوێنەری کورد و خوێندکارانی فەلسەفە هەلێکە بۆ وشیاربوونەوە لە کاریگەرییەکانی کانت لە سەر هیگڵ، مارکس و فێرگە مارکسیستەکانە، بەڵام پێش مارکس بە پێویستی دەزانین ئاورێك لە هیگڵ بدەینەوە

**نام هیگڵ**

هاینریش هاینە، گەورە شاعیر و نوسەری ئەڵمانی وتویەتی، یەکێك لەو کەسانەی کەوا ئەڵمانی بەرەو فەلسەفە هانداو فەلسەفەی وەکو یەکێك لە هێما نەتەوییەکانی ئەڵمانیا بە بەرزی خەڵکی ئەو وڵاتە دابڕی کەس نەبوو جگەلە ئیمانوئێل کانت.

لەنەکاو دوای کانت گروپێك بیرمەندی گەورە لەو وڵاتەدا سەریانهەڵداو گرنگترینیشیان هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) بوو . هیگڵ لە لوتکەی بزوتنەوەیەك لە فەلسەفەی ئەڵمانیادایە کە پێشتر بە کانتەوە دەستیپێکرد. گەرچی هەموو کەسێك لەسەر گرینگی فەلسەفەی هیگڵ هاودەنگن، بەڵام سەبارەت بە بەهای ئەو فەلسەفەیە ناکۆکی هەبوو، کەسانێك وەکو ئەرستۆی نوێ چاویان لێکردووەو تاقمێکی تر بەچاوێکی سوك باسیان لێکردووەو ناڕادەیەك تێکرای فەلسەفەکەیان بەهەڵەو پوچ زانیوەو هیگڵیان بە(فێڵباز)و (قەشمەری) دەسەڵاتی زوڵم و زۆرو ملهوڕی پرۆس لە قەڵەمداوە. پێشتر وتمان وێنای فەلسەفەی هیگڵ بەبێت کانت مەحاڵە. راسل دەنوسێ: (سەرەڕای ئەوەی کە هێگڵ رەخنەی لە کانت گرتووە، بەڵام فەلسەفەکەی ئەویش بەبێت کانت سەریهەڵنەدەدا). پەیوەندی نێوان ئەرستۆ و ئەفلاتون دەچێت.

ئەویش وەکو مامۆستای یەکەم واتە ئەرستۆ هەلی بۆ رەخنەگرتن لە مامۆستاکەی خۆی بە فیرۆ

ئەنجامداو رەخنەی زۆریی لە كانت دەگرت، هەروەهاكە بنەمای بیرو بۆچوون و میتۆدەكانی ئەفلاتون بۆ پێكهاتنی فەلسەفەی ئەرستۆ بناغەن، فەلسەفەی كانت بەردی بناغەی بیرو بۆچوونەكانی هیگڵ پێكدێنی، لە ئەنجامدا نە ئەرستۆ بە تەواوەتی لاسایی مامۆستاكەی خۆی دەكردەوەو نە هیگلیش، بەڵام هەر دوو بەهۆی لێهاتوویی داهێنەرانەیەكە بوویانە، بیرو بۆچوونی مامۆستاو پێشینەكانیان وەكو سەرچاوەی فەلسەفەكەی خۆیان سەرلەنوێ داڕشتەوەو هەر لەوێوە بەرەو ئاسۆیەكی نوێ چرۆیان دەركرد، بەڵام ئەوی كە لەم بازدان و گەشە سەندنە تا كوێ بەراستەقینە گەیشتون باسێكی ترەو بۆی هەیە هیچ كات بە ئەنجام نەگات. بەگشتی دەكرێ بڵێین كۆك بوون و ناكۆكی لەبیرو بۆچوونەكانی كانت و هیگڵ گرینگە و فەلسەفەی هیگڵ (جگەلە هەندێك هەڵوێست كە پەیوەندی بە هەلومەرجی سەردەمەكەی هەیە) لە هەندێ لایەنەوە بەرهەمی كێش و قورسایی نێوان هیگڵ و دانەری فەلسەفەی رەخنەییە.

یەكێك لە كۆڵەكە سەرەكییەكانی هیگڵ هەموو كەسی ئاگادارە ریزی كاتێگۆرییە بەناو بانگەكانی كانتەو كۆڵەكەیەكی تری بابەتی دژوەستانەكانی كانت لە بەشی دیالێكیكی بەرزەجێدایە كە كانت لە رەخنەی عەقڵی پەتیدا باسی لەسەر دەكات، هێگڵ ستایشی لە كانت كردووەو لای وایە بۆ داڕشتنی ئەم ریزبەندییە سێ كۆچكەیە شێلگیرانە بیركردنەوەی فیساغۆرییەكان و نوێ ئەفلاتونییەكان و عیساییەكانی سەرەتای مەسیحی پاراستووە. بیرۆكەی كانت لەسەر یەكێتی بەرزەجێی وشیاریی بەردی بناغەی تیۆرییەكانی هیگڵ سەبارەت بە رۆحە.

هیگڵ وەكو كانت خۆ یان سوژەی وەكو



HEINE

هۆکارێکی هەمەکی و یەکە دەناسێنێ کەلە نێوان کۆمەڵێك ئاڵۆزیی و شێواویی داتا هەستەکییەکاندا سەرەدێنێ و بەبیرکردنەوە یەکێتی و هەمەکی بوون دەبەخشی. فیشتە دەیەویست لەڕێگەی ئاکارو شیلینگیش لەڕێگەی هونەر لەژاتی ڕەها تێبگات.

هیگڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی ئایینی هەڵبژاردو بناغەو سەرەتای بەڵگەکانی خۆی لەسەر ئەم ڕاستیە دانا کەوا پەیامی مەسیح هیچ نییە، جگەلەوەی کە کانت لەژێر ناویی یاسای ئەخلاقی لەبەرچاویی گرتووە. لەئەنجامدا هەر کەسێك ئاوڕێك لە باسەکانی هیگڵ لەبارەی هونەر بداتەوە بۆی دەردەکەوێ کەوا بیرو بۆچوونەکانی هیگڵ لەم بوارەدا تا چ ئاستێك لەژێر کاریگەری کانت دایە لە بەشی یەکەمی ڕەخنەی هێزی بڕیاردایە و باس لەزەوقی ئێستاتیك دەکات، بەڵام گرینگترین شتێك کە هیگڵ لە کانت بە میراتی بردووە، لەبناغەی فەلسەفییە مەزنەکەی خۆیدا بەکاریهێناوەو ئەمەش دژەوەستانی ژین و عەین و سوژەو ئۆبژەو چەمکی (شت لەخۆیدایە). جیاوازییەك کەوا کانت لەنێوان دیاردەو نۆمێنە دایناد مانای ئەوە بوو، ناسینی ئێمە بەندە بەدیاردەکان لە لایەکی تر دیاردەکانی جیهانی دەرەکی و دیاردەکانی جیهانی ناوەکی دونیا بەو شێوەی کەوا لە ڕاستیدا هەیە، واتە شت لەخۆیدا هەتەهەتا بە نهێنی و شاراوە بۆ ئێمە دەمێنێتەوەو فۆرمە هەستەکییەکان واتە (کات و شوێن)و فۆرمەکانی تێگەیشتن واتە (کاتێگۆرییەکان) تەنیا پەیوەندییان بە دیاردەکان هەیە. پێشتر فەیلەسوفە ماتێریالەکان خەسڵەتە دووهەمەکانیان لە ڕیزی چۆنێتی دووەم لە قەڵەمدابوو و شت لەخۆیدا لەڕیزی چۆنێتی یەکەم داناوەو چەمکی شت لە خۆیدا، لەڕیزی چۆنێتی یەکەم داناوە

کانت لەم بارەیەوە هەنگاوێکی زیاتری هەڵگرت و تەنانەت چۆنێتی یەکەمی لە ڕیزی دیاردەکان جێگیرکردو شت لەخۆیدا، هەڵگری هیچ چەشنە خسڵەتێکی زانستی و ناسینی نییە، بەپێچەوانەوە وا دەردەکەوێت، کانت لەنێوان دیاردەو نۆمێنەدا جیاوازیی داناو باوەڕی بە بابەتێکی وەکو شت لەخۆیدا بوو و بە پێچەوانەی ئەفلاتون نە دەیەویست جیهانێکی هەرمان و نەگۆڕ لەو پەڕی جیهانی هەستپێکراوەکان بخولقێنێ (لەباو بۆران پارێزراو بێت). کانت لە یەکەم هەنگاودا بە پێچەوانەی هیگڵ فەیلەسوفی زانست بوو و بایەخی بە مێتۆدناسی و لۆژیکی زانست دەدات.

زانست بەردەوام و بەخێرایی دەگۆڕێت و گەشە دەکات، بەجۆرێك دونیای ماددیی دوێنێ لە دونیای فیزیازانەکانی ئەمڕۆکە ناچێت و نازانین لە داهاتودا چی ڕوودەدا، تەنانەت چەمکە بنەڕەتییەکانی فیزیاش پێویستی بە پێداچوونەوەیە. تیۆریی ڕێژەیی و تیۆریی کوانتۆم پێکەوە ئەمەیان ڕوونکردۆتەوە کەوا فیزیازانەکان پتر لەوانیتر بیر لەپێکەوە هەڵکردن و ناکۆکی لە بیرو بۆچوونەکانیان دەکەنەوە. هەندێك تا ئەو ڕادەیە چوونەتە پێش لایان وایە، کات هیچ نییە جگەلە شێوەی تێڕوانینی تایبەتی مرۆڤ لەسەر بابەتەکان و شتەکان نییە، ئێمە بە پێوانەکانی خۆمان لە کات تێدەگەین و نازانین ئەوەی دەیبینین لە ڕاستیدا چییە.

کەواتە دەبێت بەم شێوەیە لە بابەتەکە بڕوانین کەوا کانت لە ڕێگەی جیاکردنەوەی نێوان دیاردەو شت لەخۆیدا، بەشێك لە دینامیزم و سەقامگیری بەدیهێناوە و دەرفەتێکی نوێی بۆ گۆڕان و جوڵە لە تێڕوانینی زانستی مرۆڤ سەبارەت بە جیهان سازکردووە.

هیگڵ بەپێچەوانەی کانت، هێندە هۆگری فیزیا و زانستە سروشتیەکان نەبوو و زیاتر بایەخی بە مێژوو دەدا و هەوڵی ئەوە بوو سەقامگیری و جوڵە لە پانتای عەقڵانی مێژوودا سەقامگیر بکات و ئەمەش کاریگەری کانتە لە سەر هیگڵ و لێرەدا، کەم توێژەر هەیە بایەخی بەم بۆچوونە دابێت.

**کانت نەك هەر لە ئاستی خۆیدا یەکێك لە گەورەترینی فەیلەسوفەکانە چونکە کاریگەری لەسەر بیرمەندانی دیکەو بە گشتی جیهان داناوە پێویستە وەکو یەکێك لە ناودارترین کەسایەتییەکان حەسێبی بۆ بکەین، هەربۆیە پێویستە لە دونیای ئەمڕۆدا فەلسەفەکەی بەورد بینیەوە لێکبدەینەوە**



هەروەها کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کانت لە باوەڕی تیۆری زانینی ڕەگەزە جۆر بە جۆرەکانی ڕەسەنایەتی ئەزموون و عەقڵی ئاوێتەی یەکتری کردووە بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە لایەنگری لە عەینی بوونی گوزارە زانستی و بڕیارەکانی عەقڵانییەتی ئاسایی بکات، گوزارە میتافیزیکییە رەهاو نەگۆڕەکان لە لایەن زانینی مرۆڤەوە بەر پەرچبداتەوە کاتێك کە بڕیارە عەینییەکان سەرهەڵدەدەن چەمکە بنەڕەتییەکان یان کاتێگۆرییەکان، هەروەها فۆرمی هەستپێکردنەکان واتە کات و شوێن لە گەڵ ناوەڕۆکی ئەزموونە شیاوەکییەکاندا بەراورد بکات. زانینی مرۆڤ بۆ پێکهێنانی زانین یان ناسینەکانی ئەو چالاکن، بەڵام ئەگەڕێت و لەسنوری ئەزمونی هەستەکی تێپەڕن، توشی ناکۆکی چارەسەرنەکراو دەبێتەوە. ئەنجامە کەیشی ئەوەیە، جیهانێکە دەیناسین، جیهانی عەینەکانە و پەیوەندی بە ئەزموونەوە هەیە: جیهان دیاردەیەو جیاواز لە جیهانی نۆمێنەیە، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی هەندێك پێداویستی ئاکاریی و ژیانی زانستی چارەمان نییە، جگەلەوەی کە هەندێك ویناى وەك خودا و سەربەستی یان ئیختیار و نەمری رۆح پەسەند بکەین. گەرچی ئەم جۆرە وێنایانە ئەزمونی نین و دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی ئیمان و پەیوەندییان بەزانین و ناسین نییە، تەنانەت فەلسەفەی کانت لە سەردەمی خۆیدا، وەکو یەکێك لە گەورەترین داهێنان و کەشفەکانی سەردەم و سەدەکان ڕێزی لێگیردرا، بەڵام لەدوای ئەو فەیلەسوفەکان لەو بۆچوونانە کەڵکیان وەرگرت و چەمکی (شت لە خۆیدای)کانتیان سڕییەوە بۆئەوەی کەلە جیهانی دیاردەکان تێپەڕن و بە بابەتێکی وەکو زاتە ڕەهاکان بگەن. کەلێن و دابڕانی نێوان هەست و تێگەیشتن عەقڵی تیۆریکی و عەقڵی پەتی، دیاردەو شت لە خۆیدا، لای هەندێك لە فەیلەسوفە ئاڵمانییەکان پەسەند نەکراو زۆربەیان گەورەترین ئامانجیان لە تێپەڕین لە سنورەکانی فەلسەفەی کانت دەبینییەوەو هەوڵیان دەدات، بۆئەوەی کە یەکێتی لەکیس چووی نەفسی مرۆیی بگەڕێننەوە سەر جێگەی خۆی و شیلگیرانە بۆ سەلماندنی ئەم کیشەیە، قوڵیان بۆ هەڵمالّی نەك هەر بیرۆکەی کانت، بەڵکو هەر بیرۆکەیەك کەپشتگیری لە بابەتە نەناسراوەکان بکات، بە تەواوەتی ناکۆك و پڕ لەهەڵەیە. جێگرەکانی کانت وتوویانە چەمکێکی وەکو شت لە خۆیدا، ناکۆکی سازدەکات، چونکە لە یەکەم هەنگاودا شت لە خۆیدا، وەکو هۆنییە ناکو دیاردە هۆکردەکەی بێت.

دووەم ئەوەی کە لە بنەڕەتەوە بوونی بێت، چونکە کاتێگۆرییەکانی(هۆو هۆکرد) و (بـوون) بەپێی وتەکانی کانت لەسەر جیهانی دیاردەکان ساغدەبنەوە ئەگەر دان بەبوونی (شت لەخۆیدا) بنێین و جێگەی هۆ بگرێتەوە چارەمان نییە، جگەلەوەی کە دان بەوەدا بنێین کەوا دەیناسین و ناتوانیین حاشا لە نەناسینی بکەین، کەواتە پێویستە دان بەم ئەنجامە بێنین کەوا فۆڕمی ئەزموون (واتە کات و شوێن و کاتێگۆرییەکانی) و هەرکە سوور بووین لەسەر ئەم بڕیارە چارەمان نییە، جگەلەوەی کە پەسەندی بکەین کەوا هەر عەینێك یان بابەتی ناسین لە گەردوندا، بە تەواوەتی بەرهەمی عەقڵانییەتی ئێمەیە و ئەمەش (ئایدیالیزمی ڕەهای) لێدەکەوێتەوە. ئەوەی پشت بەم رێبازە ببەستی چارەی نییە، جگەلەوەی کە بڵێ هەموو شتێك دەناسین و زانستی مرۆیی دەپەوێ باڵ بەسەر زاتی ڕەهاو بێت بڕانەوە بکێشی. فیشت، شیلینگ، هیگڵ و شۆپنهاوەر، بەهۆی سڕینەوەی (شت لەخۆیدا) فەلسەفەکەی لەسەر لایەنەکانی تری فەلسەفەی کانت دامەزراند و ئەمەش مانای ئەوەیە تێکڕایان لەفێرگەی کانت پەڕوباڵیان دەرکردووە. هیگڵ لە تافی لاویدا حەزی لە بواری عیرفان بووە، لە ژیانیدا بەتەمای گەیشتن بە یەکێتی بووە، کەواتە هەبوونی بابەتێکی وەکو شت لەخۆیدا، لە بیرۆکەی هیگڵ مەحاڵە کەوا مرۆڤ نەیناسی، بە بۆچوونی هیگڵ عەقڵی مرۆڤ تەنانەت دەتوانی دەست بەسەر جیهانی زاتە ڕەهاکانیشدا بگرێت، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پێویستە جیاوازیی نێوان دیاردەو شت لەخۆیدا بسڕێتەوە، لە نوسراوەکانی هێربێرت مارکۆزە وادەردەکەوێت: (هیگڵ لای وابوو هەبوونی ئەم ڕەگەزە لە گومانکاریی لە فەلسەفەی کانت هەوڵەکانی ئەو بۆ پاراستنی عەقڵ لە بەرانبەر هێرشی ئەزمونییەکان پووچەڵدەکاتەوە. تا ئەو کاتەی کەوا شت لەخۆیدا، لە دەرەوەی هێزو توانای عەقڵدا بێت، پێویستە عەقڵ وەکو سەرەتایەکی زەینی بمێنێتەوە نەتوانی لە بنەما دەرەکییەکاندا، دەوری خۆی بگێڕێت و ئەمەش جیهانی دوبەرەکی زەینی و عەینی، تێگەیشتن و هەست، بیرکردنەوەو بوونی لێدەکەوێتەوە، بە بۆچوونی هیگڵ پەیوەندی نێوان عەین و زەین واتای ناکۆکییەکی راستەقینە لە سنوری بووندا دەگەیێت و سڕینەوەی ئەو کێشەیە- مانای یەکبوونی دژەوەستانەکانەو ئەمەش کێشەیەکی کردەکی و تیۆریکییە..... کەواتە گەیشتن بە فەلسەفەی سروشت لە لۆژیك و لە فەلسەفەی سروشت، بەرەو فەلسەفەی رۆح لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە ڕاوەستاوەو مانای ئەوەیە، یاساکانی سروشت لە بنەمای عەقڵی دەرەکییەوە سەرچاوە دەگرن.

رۆح لە سنوری ئازادی و ئیختیارەوە بەشتێك دەگات کەوا سروشت لە سنور

و چواچێوەی چارەنوس و زەرورەتـەوە پێی دەکـات، واتـە جێبەجێ بوونی هێزو توانا زاتییەکانی راستەقینەیە . هیگڵ لە لایەنگرانی فەلسەفەی ئایدیالیستیە، بەڵام بە پێچەوانەی یێتۆکلی، لای وانییە بوون مانای تێگەیشتن دەگەیێنێت، یان شتەکان کاتێ بوونیان هەیە پەیوەندییان بە ئاگاییەوە هەیە و بەپێچەوانەی کانت، لای وانییە زەینێ فۆرمگەلێکی هەیە بەسەر هەستەکاندا باریی دەکات.

ئـەو بـە پێچەوانەی کـانـت، کـات و شوێنی نەك وەکو فۆرمی زەینی ئێمە، بەڵکو لە حەیتەکاندا دەبینێتەوەو لەسەر ئەم بڕوایە کەوا ,نموونە بەرزەکان) یان (ئایدیا) هەر لە سەرەتاوە ئەمانەی لە عەینەکاندا جێنشینکردووە. جیاوازییەك کەوا کانت لە نێوان جیهانی دیاردە واتە دونیای زانستە سروشتییەکان و جیهانی رۆح و ویست و ئاکار واتە هەرێمی ئیمان دایناپوو، قوڵترین دارنکەری لە سەر فەلسەفە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دوای خۆی دانا و لای هیگڵ بوو بە بناغەی بەشێك لە ئەنتۆلۆژی کۆمەڵایەتی و دیالێکتیکی مێژوو و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پێویستە لەسەر بنەمای ناسینی رەهای کیانێکە زاتی سەلمێندراوە، رەخنە لە عەینییەتی زانست و فەلسەفەی ماددیی بگیردرێت.

هیگڵ، ئەو دوو سنانێکە کانت لە نێوان زەین و عەین دایناپوو پەسەندی کرد بەڵام ئەمەی بەرپەرچدایەوە کەوا سووژە لەبەرانبەر ئۆبژەی بەرهەم هاتوو لە فرە چەشنی و نۆرینەیی پێدراوە هەستەکییەکان پشێوی جوڵ بکات. ئـەو وای بۆ دەچـوو کـردنی پشت بەئامانج و مەبەستێك دەبەستی. بەڵام بەپێچەوانەی عارفەکان نە دەیەویست جیاوازیی نێوان بەشەکانی تر



بسڕێتەوە عەینێ فرەلایەن و شیاوەکییەو پشت بە ئەویتر دەبەستێ، واتە سەربەست نییە، ڕۆح دەیەوێ لە کۆت و بەندی ئەم بوونە مەرجدارو شیاوەکییە خۆی دەرباز بکات، خۆی بەبێت برانەوەی ڕەها بگەیێنێ. عەینێ لەگەڵ ژینێ نامۆیە و سنورێك لە بەرانبەر ئەودا بەدیلێنێ و ڕەتیلەکاتەوە

ڕۆح تا ئەو کاتەی خۆی لە عەینێدا نەبینێتەوەو نامۆیی و عەینێیەتی نەفەوتێنێ، لە تەنگەژەو سنورداریی دەرباز نابێت و بەرەو بێت برانەوە هەنگاو نانێ، بەڵام سڕینەوەی نامۆیی و عەینێیەتی دونیا نابێت بەشێوەیەك بێت فەوتانی جیهانیی بوونەوەرەکانی لێبکەوێتەوەو دوابەدوای ئەمە، لەناوچوونی ڕاستیەکانی لێبکەوێتەوە.

هیگڵ ئەم سەرچاوەیەی فەلسەفەی کانتی لەبیر نەکردووە، گەرچی دیاردە لەگەڵ شت لەخۆیدا جیاوازە، وەهم و خەیاڵیش نییە، خاوەن ڕاستی و عەینێ بوونێکیشە تا ئەو ڕادەیەی کەوا ئەزموونی بەسەردا ساغدەبێتەوە، کەواتە جیهانێکە ڕۆح لەبەرانبەر خۆیدا دەیبینێتەوە نابێت وەکو خەیاڵ چاویی لێبکەین کە لە ئەنجامدا، لەزاتی ڕەهادا دەتوێتەوە، بەپێچەوانەوە پێویستە مانەوەی ئەو بە شێوەیەك دابین بکرێت کاتێك کە ڕۆح ڕەتدەکاتەوە، ئەم ڕەتدانەوەیە مانای (چارەسەری)، یان Aufheben بێت و مانای لەناوبردن نەبێت و لەلایەکی تر، سەربەستی ڕۆح بپارێزێت و هەم فرەچەشنی و زۆرینەی بوونیش لەناو نەچێ. ڕێگەی گەیشتن بەم ئامانجە، عەقڵانیەتی مێژوویەو بەو شێوەیەی کەوا تێکڕا سەیری گەشەکردنی مێژوویش دەگرێتەبەرو واتای دەروونی مێژووی جیهان و ژیاری مرۆڤیش دەردەخات.

پێویستە ئەزمێکی مێژوویی لەم چەشنە، چیرۆکی گەشەسەندنی ڕۆح لە تەنگەژەی ڕووداوەکان بۆ گەیشتن بەئازادیی بێت. ئامانجی هیگڵ لە کتێبی فینۆمینۆلۆژی ڕۆح کەوا تۆوی مارکسیزمی تێدا خەملیوە، نیشاندانی ئەم گەشتە لە گەشەسەندنە. لەم کتێبەدا قۆناغە بەردەوام و پێویستیەکانی گەشەسەندنی هۆشیاری بەچڕوپڕی باس کراوە کەلە هۆشیاری سادەو ساکارەوە دەستپێدەکات، لەناو کۆی هۆشیاریی و عەقڵی و ڕۆح و ئایینەوە لە ئەنجامدا، سەر لە خۆناسی دەردێنێ کە دوا ئامانج و عەینێی گەردوناسیە ڕۆح زاتێکی سەقامگرتووە، بەڵام سەربەست نییە، پێویستە ئاوێتەی عەینێ بوونێك بێت تا ئەو جێگەیەی عەینێ بوونی خۆی بفەوتێنێ و لەخۆیدا چارەسەر بێت، یان ئەوەی کە بتوێتەوەو بە خۆناسین بگات. عەقڵی ئێمەش لە کاتێکدا بیر لەڕەوتی سەرهەڵدانی زاتی ڕەها دەکاتەوەو پێویستە چالاکیەکانی خۆی وەکو بەشێك لەو ڕەوتە لە قەڵەمبدا، بەدەر لەمە گەشەسەندنی ڕۆح و گەشەسەندنی بیرکردنەوە لەسەر گەشەی ڕۆح لێکدادەبڕێن و جیاببنەوە، لە بیرمانە کانت ئامانجی فەلسەفەی ڕەخنەیی لە دیاریکردنی سنورەکانی هێزی ناسینی ئێمەو سنورەکانی ئەزموونە شیاوەکیەکاندا دەبینییەوە بەڵام هیگڵ ناڕاست بوونی وەها میتۆدێك لەوەدا دەبینێتەوە کەوا ئێمە لە یەکەم هەنگاودا، پێویستە هێزی ناسینی خۆمان هەڵسەنگێنین و دواتر هەر لە ڕێگەی ئەو هێزەوە لە ڕاستەقینەیی بوون تێبگەین.

هیگڵ لای وایە هەوڵێکی لەم چەشنە نەك هەر سەرناگرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای گریمانەیەکی هەڵە دامەزراوەو سەرناگرێ چونکە عەقڵی بڕاوەی ئێمە کەرەسەیەکی بۆ هەڵسەنگاندنی بەهاکان لەئەستۆدا نییە، لەسەر گریمانەیەکی هەڵە ڕاوەستاوە چونکە مرۆڤ و زاتی ڕەها، لەکردەی ناسیندا لەبەرانبەر یەکتر دادەنێ. کاتێك کە بیر لەجیهان دەکەینەوە هەستپێکردن و تێگەیشتن لە هەر گەشتێکی گەشەسەندندا مانای گرێدانی هەندێکی لەگەڵ هەمەکییدایە، بەم شێوەیە باس لە ڕاستەقینە دەکرێت، چونکە لە بەشەکانی خۆی دادەبڕێت، بەباشی بۆمان دەرکەوتووە مەبەستی کانت لە عەقڵی کردەکی کەوا بەرەو جیهانی ژوورهەستپێکراوەکان پەلدەکێشی و وێنایەکە، ئەو لە هێزی بڕیاری بیرکردنەوەدا هەیەتی بەردەوام لە ماناو ئامانجی بوون دەگەڕێت و کاریگەری لەسەر هیگڵ داناوە، لە لایەکی تر کانت سووژەی بە سەربەست و خاوەن هێزو چالاکی لە قەڵەمداوە بە بۆچوونی کانت ئەمە زەینی ئێمە پێکدێنێتەوە هەر ئەم وتەیە بەدەربڕینێکی ئاڵۆزتر، لەکتێبی فینۆمینۆلۆژی ڕۆح بەم شێوەیە باسی لەسەرکراوە(جەوهەرێك کەڕۆحی لێ پێکهاتووە... لەخۆیدا جووڵەیەکە ڕەوتی گەیشتن بە زانین پێکدێنێ .... گۆڕینی ئەو سروشتە زاتی و شاراوەیە بەدەرکەوتن و عەینێ بوونیەتی و گۆڕینی جەوهەرە بۆ سووژە گۆڕینی ئۆبژەیە بەرەو هۆشیاری یان خۆئاگایی.. و ئەم ڕەوتە بەردەوام گۆڕینێکی دەورانە و یەکە دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆی) یەکەم شێوەی بوونی ڕۆح هۆشیارییە. هەر وەك چۆن لە فەلسەفەی کانت، ئەزموون لە هەستەوە سەرچاوە دەگرێ، لە فەلسەفەی هیگڵ، ڕۆح لە یەکەم هەنگاودا بەدڵنیایی هەستەکی دەکات، بەڵام هێشتا هۆشیاری جگەلە عەینێکە هۆشیاریی پێوە دەگیرسێتەوە.

پەیتا پەیتا هۆشیاری لە هەندەکییەوە

بەرەو هەمەکی بەرز دەبێتەوە و رەگەزی رووت لە رێگەی دەرهەستکردنی پێدراوە دیاریکراوەکان، واتە تاکاکان و نموونەکان دەردێنێ و تاك لە چەمکی هەمەکی بوونی تاکدا دەگونجێنێ، بـەڵام لە هەمانکاتدا دیاریکردن و ناسینەکەی هەڵدەپەسێرێ و جیهانی ژوور هەستەکییەکان لەناوکۆی دژەوەستانی لەگەڵ دونیای هەستەکییەکاندا عاقڵانە بیری لێدەکاتەوە، هەرکام لەم جیهانانە ئەویی دیکە نەفی دەکاتەوەو دژی خۆی لە خۆیدا پەروەردە دەکات، تا ئەو جێگەیەی بەبێت بڕانەوە دەگات، کاتێك کە چەمکی بێت بڕانەوە بوو بە بەشێك لە هۆشیاریی و عەینی بـووەوە ئەوسا هۆشیاری دەبێت بەخۆ هۆشیاری، خۆهۆشیاری هەر کەسێك خۆهۆشیاری ئەویتر سنووردار دەکات، لەم رێگەیەوە ململانێ سازدەبێت و پەیوەندی نێوان کۆیلەو خاوەن کۆیلە سەرهەڵدەدا.

خاوەن کۆیلە عەینی سەربەخۆ و سەربەست بەرەو کۆیلایەتی هاندەدا، وەکو کەرەسەیەك کەڵکی لێوەردەگرێ و لێی وایە، هەروەك ژێردەستەی خۆی چاودێری بکات و لەخۆیدا بیتوێنێتەوە، بەڵام کۆیلە سـەرەڕای جێبەجێکردنی فەرمانی خاوەنەکەی شێوە بە عەینەکان دەبەخشێت و وادەکـات تا ئەو جێگەیەی کەوا بە زەینی خۆی مانای عەینی پێ ببەخشێ، کەواتە کارەکە لە راستیدا لایەنی رۆحی شتەکەیە. کرێکار هەناویی خۆی لەرێگەی بەرهەمی ئیشەکەی ماندو دەکات و لەم رێگەیەوە مرۆڤایەتی خۆی بەجێ دێنێ. لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە، قۆناغەکانی دیکەی گەشتەکەی عەقڵ لێکبدەینەوە. کۆی باسەکە ئەوەیە، رۆح لەئەنجامدا بە ناسینی رەها دەگات. بوون و راستەقینە پێکەوە یەکدەگرنەوە. عەینی بوون لە ناو دەچێ، رۆح لەکۆت و بەندی نامۆبوون و جیاوازیی نێوان بوون و چەمك رزگار دەبێت و پڕ لەفرە چەشنی و زۆرینەخوازیی دەبێت، کە لە گەشتی مێژوویی خۆیدا، بەدەستیهێناوە و بە ئامانجی خۆی دەگات.

رەوتی مێژوو رەوتی پێشکەوتن بەرەو ئازادییەو ئەم رەوتە لە رێگەی پلەی دیالێکتیکی لە تێزو ئانتی تێزو سێنتەزەوە تێدەپەڕێ. ئاگامەندی و هۆشیاری لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا، پتر لە هەر لایەکی تر لە ئاییندا خۆی دەردەخـات کە دەرکەوتەی هۆشیاری هەر نەتەوەیەك لە بەرزترین ئاستی شێوەی بوونی خۆیەتی. مێژوو بە تێپەڕین لە تەنگەژە و رەنج و مەینەت و شەڕ و ماڵوێرانییەکان تێدەپەڕێ، بەڵام بە بۆچوونی هیگڵ لە ئەنجامدا، بنەما بەرزەکانی ئازادیی و پێوەرە بەرزەکانی راستەقینە دەردەکەون. رۆحی رەها بە یارمەتی جموجۆڵی دیالێکتیکی واتە لە (تێزو ئانتی تێزو سێنتەز) قۆناغەکانی مرۆڤایەتی و سروشت و تاکێتی و گشتێتی و زانست و ئاکارو هونەرو ئایین تێکرای ئەمانە تێدەپەڕێنێ و لە ئەنجامدا، رۆح بەئامانجی خۆی دەگات، هەرکام لە قۆناغانە ناوبراوەکان لەم جموجۆڵەدا بەشدارن و رۆح بەرەو کەماڵ و گەشەکردن هاندەدەن و لە راستیدا لایەنەکەی تری ئەوەیە، لەو بەڕێ کات و مێژوودا جێگیر دەبێت. ئایدیالیزمی رەهای هیگڵ ئاڵۆزیی و لایەنگری هاوچەرخەکانی خۆی بە دواوە بوو و هەروەهاکە پێشتر ئاماژەمان پێکرد دوو رەوتی بیرکردنەوەی جیاواز و دژ بە یەك لێکەوتەوە. لایەنێك بەم ئەنجامە گەیشتن هەروەهاکە هیگڵ پێداگری لە سەر کردووە، دۆخی هەبوو لوتکەی گەشتی گەشەسەندنێکی دوورو درێژی هەیە و سەدەکانی بڕیوە، پاشان ئەم دۆخەی لە ئایین و سیاسەت پاراستووە ئەمە هەڵوێستی باڵی راستی هیگڵی یان کۆنەپارێزەکانە. لایەنەکەی تر بە پێچەوانەوە، لایان وایە جموجۆڵی دیالێکتیکی کۆتایی نییە، کەواتە دۆخی هەنوکە پێویستە بەپێی بنەماکانی فەلسەفەی هیگڵ لە ناوەڕۆکیدا، ناتەواوە و هیگڵ هەوڵی ئەوە بوو، ئاڵوگۆڕ بەسەر ئایین و سیاسەت بێنێ و بەرەو قۆناغێکی بە تەواوەتی



**دووەم فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیستەکان و دیاردەناسی سێیەم مارکسیستەکان جگە لە فەلسەفەی ئانگلۆساکسۆن بۆچوونی نوسەری ئەم کتێبەشە. کانت لەو دوو فێرگەیەی دیکەشدا. بەرهەمی قوڵ و پتەویی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە دیاردەناسی هوسرل. بۆ دیاریکردنی مەرجەکانی گەیشتن بە ئەزمون**

بەرزتر بیگەێنێ. ئەم هەڵوێستەی هیگڵییە گەنجەکانی باڵی چەپ بوو و کەسانێکی وەکو، لودڤیك فویەرباخ برۆنۆ باوێر، موزێز هێس بە چڕوپڕی لە بواریی فەلسەفە، ئایین و ئابوریدا، کاریگەریان لەسەر مارکس دانابوو.

## ب.مارکس

باسی چڕوپڕ لەسەر بیرو بۆچوونەکانی مارکس لەسەر دەمێکدا کە نیو سەدەی تێپەڕاندووەو کۆی بەرهەمەکانی لەبواری مێژوو، ئابوری، کۆمەڵناسی، سیاسەت و فەلسەفە دەگرێتەوە هەر بۆیە لێرەدا ناگونجێ و ئامانجی ئێستای ئێمەش نایێکێ و لە راستیدا، پەیوەندی بە کاریگەرییەکانی کانت لەسەر فەیلەسوفەکانی دوای خۆی نییەو پێویست نییە، هەر بۆیە بە کورتی باس لەبنەمای باوەڕ و لایەنێك لە بیرو بۆچوونەکانی مارکس دەکەین کە پارەتیلەری ئێمە بێت بۆئەوەی کە بە مەبەستەکەمان بگەین. مارکس خوێندکاری فەلسەفە بوو، لە زانکۆی بێرلین پلەی دۆکتۆرای لەفەلسەفەدا بەدەستهێنا.

مارکس وەکو ئەو فەیلەسوفانەی تا ئێستا باسمان لەسەرکردن فەیلەسوف نەبوو. بەگشتی مارکس بایەخی بەکێشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسەتی کردەکی دەداو فەلسەفەش وەکو ئابوری و کۆمەڵناسی و بەشەکانی تری زانست، بۆ ئەو کەرەسەیەك بوو بۆ گەیشتن بە ئامانج گەلێکی تر. ئەمەش مانای ئەوە نادات مارکس توانای ئەوەی نەبوو باس لە گرفتەبیرەکییەکان بکاتەوە بەڵکو ئەم شێوە روانینەی مارکس یەکێك لەکۆڵەکە گرنگەکانی دونیابینی مارکس بوو.

مارکس لە دەربڕینە بە ناوبانگەکەی



دەڵێ، (فەیلەسوفەکان لە ڕێگەی جۆربەجۆرەوە جیهانیان شرۆڤە کردووە، بەڵام کێشەکە لە ئاڵوگۆڕکردنی جیهانە). ئەم رستەیە بۆ برِشتی کاریگەری وتەکانی مارکس نەنوسراوە، بەڵکو ئامانجێکی بە پشتەوەیەو ژیانی خۆی لەسەر دانا ئێستاشی لەگەڵ بێت دوا ئامانجی تێکڕای مارکسیستەکانە، سەرەڕای ئەوەی کەلە هەندێ لایەنەوە لەگەڵ یەك ناکۆکن.

مارکسیزم یەکێك لە جۆرەکانی سۆسیالیزمەو بزوتنەوەیەکە بایەخ بەکردەی سیاسی دەدا وهەر لەم ڕوانگەوە لە جۆرەکانی تری سۆسیالیزم جیا دەبێتەوە کە لایان وابوو دەتوانن کردەی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ تیۆرییە رادیکاڵی و بەرگیرەکان پێکەوە ئاوێتەی یەکتری بکەن، لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە زیاتر لەوەی کە بەرەو ئامانجە فەلسەفییەکان هەنگاو بنێن دەیانەویست لەرێگەی میتۆدی زانستیەوە لەزانستە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەن. مارکسیش سەرەڕای ئەوەی کە لە فەلسەفەوە دەستیپێکردبوو خۆی بە زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بناغەدانەری سۆسیالیزمی زانستی لە قەڵەمدەدا و لە مەزنترین بەرهەمەکانی خۆی واتە (کاپیتاڵ) نوسیبوی (ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبە... دەرخستن و روونکردنەوەی یاساکانی جموجۆڵ لە کۆمەڵگای هەنووکەدایە). دیارە مارکس ئیشەکەی خۆی لەلایەنی تیۆرییەکەیەوە، وەکو رەخنەی ئابوری سیاسی لە روانگەی پرۆلەتەری شۆڕسگێرانەو دەربڕینی ماددیی مێژووییەوە سەیری دەکرد. (ماددیی مانای ئەوەیە شێوەی بەرهەمهێنانی لەهەر قۆناغێك دا دیاری دەکات، کەوا رێکخراوەی سیاسی کۆمەڵگا خۆی بە چ شێوەیەك دەردێنێ و خەڵکی چ وێنایەکیان لەسەر جیهان هەیە.

ئەو بە پێچەوانەی هیگڵە گەنجەکان دەیەویست روونیبکاتەوە دەوڵەت و خاوەنداریێتی و زۆر شتی دیکە، لە رەنگدانەوەکانی هەلومەرج و دۆخی راستەقینەوە سەرهەڵدەدەن و پەیوەندییان بەلایەنە خەیاڵی و زەینییەکان نییە، گەرێت و ئاوڕیان لێنەدەینەوە لە خۆوە بزر دەبن، کەواتە پێویستە (رەخنەی ئابوریی سیاسی) لەگەڵ دەربڕین و لایەنی مادیی مێژوودا یەکبگرنەوە، تا ئەو جێگەیەی (وێنا درۆکان) بگرێتەبەرو لە لایەکی تر دۆخ و هەلومەرجە عەینی و دەرەکییەکان واتە (هەلومەرجی ماددیی و ئابوریش) بگرێتە بەر، چونکە چارەی نەبوو جگەلەوەی کە ئەم وێنایە لە چوارچێوەی ئابوری و سیاسی بۆرژوایدا پێکبێنێ.

یەکێ لەو خاڵانەی کەوا کانت کاریگەری لەسەر مارکس داناوە ئەوەیە، بەڕای مارکس تیۆریی ئابوریی بۆرژوایی، سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی دەرکەوتنی وێنا درۆکان، پێویستە خۆیشی درۆبێت، بەڵام لە لایەکی تر چونکە رەنگدانەوەی دیاردەکانی پەیوەندیدار بەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێوە دیارە، کەوا وێنایەکی راست لە راستیەکان مسۆگەر دەکات. کانتیش دیاردەکانی وەکو دەرکەوتەی شت لە خۆیدا لەقەڵەمی دابوو، مارکسیش لایەنەکانی وەك بەها، پارە، قازانج و بەهای زێدەی وەك دیاردە یان لایەنی (دەرکەوتووی) شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە قەڵەمدابوو، هەر وەکو کانت لای وابوو دیاردەکان عەینین.

مارکسیش ئەو بابەتانەی ئاماژەمان پێکردن وەکو بابەتێکی عەینی و راستەقینە دەیناساندن. ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد پێویست بەم ئەنجامە ناکات کەوا پەیوەندی (ژێرخان) و (سەرخان) لە بۆچوونەکانی مارکس کوتومت وەکو شت لە خۆیدا و دیاردە لە فەلسەفەی کانت چاوپێ لێبکەین، بەڵام هەروەك چۆن کانت دیاردەو دەرکەوتنی بەبێت ئەوەی کە عەینی بوونی لێ زەوت بکات، لە نۆمینەو راستەقینە جیایکردەوەو دیاردەی بەهۆکردی راستەقینە لەقەڵەمدا بوو، مارکسیش دیاردەی لۆجیکی یان بەدەربڕینی خۆی بابەتە مەعنەوییە، یان ئایدیالیستەکان، یاخود ئایدیۆلۆژییەکانی بەبێت سڕینەوەی عەینی بوونیان لەژێرخانی ئابوری و مادیی کۆمەڵگا جیاکردەوەو لایەنی دووەمی بەهۆی یەکەمیان لە قەڵەمیدەدا، بەڵام کانت وتبووی عەقڵی مرۆڤ هیچ کات نۆمینەو شت لەخۆیدا ناناسێ. مارکس بە لایەنگری لە هیگڵ لەسەر ئەم بڕوایە هاودەنگ بوو کەوا ناسینی ژێرخان و ناکۆکییە دەروونییەکانی نەك هەر رێگە پێدراوە بەڵکو پێویستیشە.

مارکس لە تافی لاویدا لایەنگری فەلسەفەی هیگڵ بوو، سەرەڕای ئەوەی کە دواتر هێرشی کردە سەر بنەما ئایدیالیستیەکانی هیگڵ، تۆخمێکی گرنگی هیگڵی بوونی پێوە دیارە، مەزنترینیشیان چ لە لایەنی میتۆدو چ لە لایەنی بنەماوە چەمکی دیالێکتیك بوو.

ساڵانێك بوو زۆرکەس لایان وابوو مارکسیزم لەسەر بنەمای میتۆدی فەلسەفەی هیگڵ دامەزراوەو لە باسەکانی خۆی لەسەر مارکس شوێنێکی بۆ کانت نەدەبینیەوە و وادەردەکەوێ لەسەر ئەم هەڵوێستەیە مافیان بە دەستەوە بووە، چونکە لە سەرانسەری کتێبی کاپیتاڵ بچوکترین ئاماژەی بەکتێبی رەخنەی عەقڵی پەتی نەکراوە (هەندێك لە توێژەران لایان وایە کانت ناڕاستەوخۆ لەناو بۆچوونەکانی فۆیەرباخ لەسەر مارکس کاریەری دادەنێ)، بەڵام

پەیتاپەیتا بایەخی زیاتر بەكانت دەدرێت و هەر لەناوەڕاستەكانی سەدەی نۆزدەیەمدا و لەڕێگەی سەرهەڵدانی فیرگەیەك كە بە نوێ كانتیزم ناوبانگی هەیە شیكردنەوەیەكی وردبینانە و فرەلایەن هاتە ئاراوە، بەشێوەیەك كاریگەری قوڵی فەلسەفەی ڕەخنەیی كانت، لە بۆچوونەكانی ماركس دا دەركەوت و هەرئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش لە بیرو بۆچوونی گرووپێكی مەزن لە ماركسیستەكان. كەواتە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە هەڵوێستی ئەم كەسانە كە بەزوویی باسیان لەسەر دەكەین، لە ئەنجامدا بۆ تێگەیشتنی ڕوونتر لە دۆخی هەنوكەی ماركسیزم پێویستە بنەمای بیركردنەوەكانی ماركس لێكبدەینەوە

ماركس لە تافی لاویدا، نەك هەر موریدو لایەنگری فەلسەفەی هیگڵ بوو، بەڵكو لایەنگری درامی گەشەسەندنی مێژووش بوو، لە ژێركاریگەری بەشێك لە ماتێریالیزمی زانستی بوو كە لەو سەردەمەدا لەئەڵمانیادا بناغەی دانابوو.

ئەم فەلسەفەیە بەبێت ئەوەی كە لایەنی كردەكی خۆی لەدەست بدات، لە مێشكی ماركس شێوازێكی مێژوویی و هیگلی بەخۆیەوە گرت و ئەمەش بوو بەباشترین كەرەسە بۆ جێبەجێكردنی ئاڵوگۆڕە كۆمەڵایەتییەكان. ماركس سەرنجی ئەم خاڵەی دابوو، كەوا لایەنی مادیی مرۆڤەو لە ڕاستیدا لە دۆخی ئابوری ژیانیدایە نەك لە جەستە یان شوێنێكدا بێت، ئەوەی دەخەی مێژوو دەدا سیستەمی بەرهەمهێنانی باویی ناو كۆمەڵگایە، نەك گیانی ڕەها یان(ئایدیای) هیگڵە، بە بۆچوونی ماركس لە یەكەم هەنگاودا، پێویستە هۆكارێك لە بەرچاو بگیردرێت و دواتر هەر هۆكارێكی ترو گرنگی كاریگەری هۆكارەكانی تر لەسیستەمی پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانەوە سەرچاوە دەگرن.

كۆمەڵگا لە بینایەك دەچێ كە بەردی بناغەكەی هۆكارە ئابورییەكان پێكی دێنن و ئەوەی دواتر لەسەر ئەو بینایە پێكدێت چارەی نییە، جگەلەوەی كە خۆی لەگەڵ ئەو بینایەدا بگونجێنێ. ماركس لەبارەی ڕەخنەی ئابوریی سیاسی نوسیویەتی: (ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و بیركردنەوە عەقڵ ئێكرا، بەندە بەشێوەی بەرهەمهێنانی پێداویستیە مادیەكانی ژیان. ئەمە وشیاری مرۆڤ نییە، بوونی ئەو پێك دێنێ بە پێچەوانەوە بوونی كۆمەڵایەتی مرۆڤە بوونی ئەو پێك دێنێ). هیگڵ وتبووی لە هەر قۆناغێكی مێژوودا خسڵەتی تایبەتی هەر نەتەوەیەك لە ڕێكخراوە كۆمەڵایەتی، هونەریی، فەلسەفی ئەو نەتەوەدا دەردەكەوێت.

ماركس لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاودەنگ بوو، بەڵام دەیوت تایبەتمەندی و خاڵی جیاوازیی هەر قۆناغێك لە سیستەمی بەرهەمهێنان وەرجەرخان لە هەر قۆناغێك بەرەو قۆناغێكی تر بەپێی بنەمای دیالێكتیك بە ئەنجام دەگات، بەڵام نەك ئەو دیالێكتیكەی هیگڵ لە فەلسەفەكەیدا، بەكاریهێناوە. لەسەرەتای كتێبی ماركس دەنوسێ: (لە نوسینەكانی هیگڵ دیالێكتیك سەرەوخوون بووەتەوە بۆیە پێویستە سەرلەنوێ لەسەر پێ ڕاوەستێ). بە بۆچوونی هیگڵ هێزی جوڵێنەری گەشەسەندنی مێژوو، ڕۆح، یان ئایدیا، یان مانایە.

ماركس ئەم جۆرە جوڵێنەرەی بە ماددە ناودێری كردووە نەك ڕۆح، بەڵام مەبەست لە ماددە مانای خاو و بەتاڵ لەهەر چەشنە جۆئێتی مرۆیی مەبەست نییە، هەروەها كە پێشتر ئاماژمان پێكرد، مانای پەیوەندییە مرۆییەكان لەگەڵ سروشتە كە گرنگترین دەركەوتەی پەیوەندییە بەرهەمهێنەرەكانی كۆمەڵگایە، هەروەها كە دواتر بۆمان لە سەدەی بیستەمدا دەردەكەوێ بیرمەندی وردبینی ماركسیست، لووچۆ كۆڵتی سەرچاوەی ئەم مادەگەرییەی تایبەت بە ماركسی لە كانت دا ڕەچاوكردو دەریخست كەوا ماتێریالیزمی مێژوویی لە بنەڕەتەوە لە فەلسەفەی ڕەخنەییەوە سەرچاوەی گرتووە یان (لەژێركاریگەرییدایە)

ماركس لەم بوارەدا دژ بە هیگڵ بوو، هەروەها دژ بە لایەنگرانی فەلسەفە جۆراوجۆرە ماتریالەكانی ئەو سەردەمە بوو.

هیگڵ لای وابوو خۆئاگایی مرۆڤ بەدەركەوتنی خۆی لەگەڵ عەینیدا یەكدەگرنەوەو توشی نامۆیی دەبنەوە. مادیەكان لایان وابوو مانای ناسین بەسەنلكردنی كارتێكراویی بابەتە دەرەكییەكانەو دەبن بە بەشێك لە ناواخنی زەین.

ماركس سروشت یان مرۆڤایەتی بە ڕەسەن دەزانی و لەسەر ئەم باوەڕە بوو تیۆرییەكانی لەلایەك لەگەڵ ئایدیالیزم ناكۆكە، هەروەها لەگەڵ ماتێریالیزم و لەڕاستیدا، (ئەو جووتە یەكدەخاتەوە) و ئاوەندی بیری ماركس لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەسوڕێتەوەو مرۆڤ لە سروشت نزیك دەبێتەوەو دەستی بەسەردا دەگرێت و ڕوخسارێكی مرۆڤانای بە بەردا دەكات.

ئەم سروشتە بە مرۆڤ كراوە لەگەڵ نییەتی مرۆڤدا یەكدەگرنەوە، هەروەها كە كردەی مرۆڤ تایبەتمەندییەكی كۆمەڵایەتی هەیە، كاریگەریەكەی لەلایەنی مرۆڤە، واتە وێنایەكە سروشت بەرهەمی دێنێت دەرەنجامی كردەی مرۆڤی كۆمەڵایەتییە. وشیاری مرۆڤ دەركەوتەی بیركردنەوەیەتی

لەگەڵ سروشت و ئەمەش پێویستە بەرهەمی بەشداریی سەرجەم مرۆڤەکان لەقەڵەمبدرێت، کەواتە نابێت تێنەگەیشتن بخەینە ئەستۆی کەموکورتی هێزەکانی خۆ وشیاری، پێویستە ڕەگ و ریشەکەی لەخۆ نامۆبوونی کرێکار لەگەڵ بەرهەمی ئیشەکەی رەچاو بکەین.

مارکس لەسەر بنەمای تیۆریی ماتریالیزمی مێژوویی و رەخنەی ئابوریی سیاسی، بە هەندێك ئەنجامی جۆربەجۆر لەسەر سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵگا گەیشتبوو، بەڵام بۆ لێکدانەوەی بۆچوونەکانی پێویستە کتێبێکی تری لە بارەوە بنوسین و لێرەدا دەرفەتی ئەوتۆمان نییە، بەڵام وەبیری دێنینەوە شیکردنەوەکانی ئەو لەسەر چەمکەکانی وەکو، سەرمایە، خاوەندارێتی، بەها، پارەو باسەکانی ئەو لەسەر وتەزاکانی وەکو نامۆبونی کرێکار لە بەرهەمەکەی، نامۆیی مرۆڤ لە کۆمەڵگا، دەرچوون لەم نامۆییانە، خەباتی چینایەتی، پەیامی پرۆلتاریا و سەرهەڵدانی سۆسیالیزم، ئەمانە هەمووی بەمەبەستی ناساندنی سۆسیالیزمە، نەك وەکو بەرنامەیەك بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگا چاوپی لێبکەین، بەڵکو بۆ ناساندنی ئەو وەکو دونیابینییەکی ریشەدارو بەرگیر چاوپی لێدەکرێت، پێویستە گرەنتی پەیوەندییە رەسەنەکانی مرۆڤ لەگەڵ هاو رەگەزەکانی و سروشت و بەرز راگرتنی پلەوپێگەی ئەو بێت.

مارکس تا ئەو کاتەی لەژیاندا بوو، بەو شێوەی ئەمڕۆکە لە لایەن زانا هاوچەرخەکانەوە رێزی لێدەگیردرێت رێزی لێنەگیردرا، بەڵام هیچ بیرمەندێك لە مێژوودا، بەرچاو ناکەوێت وەکو مارکس بە خێرایی لە لایەن جەماوەرەوە ئاوڕی لێدابێتەوە، پاشان بیرمەندەکانیش وردە وردە بایەخیان بە توێژینەوەکانی مارکس دا ، سەرەڕای هەندێك هەڵە و کەم و کورتی لە بیرو بۆچوونەکانی بایەخیان پێدا.

مارکس بە وردبینیەوە چاوپی لە بیرو بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە پەیوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگا دەکرد، تا ئەو رادەیە کارڵ پۆپێر رێگەی لە گەڕانەوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکانی پێش خۆی گرت. سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی بیرو بۆچوونەکانی تا ئێستا پێنەگەیشتوون، پێداگری ئەو لەسەر گرنگی هۆکارە ئابورییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئەو لەسەر پەیوەندییە چینایەتییەکان بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەرەو ئاقارێکی تر هاندا. ئەم سەرکەوتنە چاوەڕواننەکراوە بووە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس لەم لاو ئەولای دونیا کەوتنە بەراوردکردنی بیرو بۆچوونەکانی مارکس و گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجە جۆربەجۆرەکان و هەندێك لایەنی هێزەکی بۆچوونەکانی بە شێوازێکی نوێ بەرەو کردەکی هانبدەن. نموونەی دەرکەوتووی ئەم بۆچوونە، ماتۆتسی- تۆنگ و کۆمۆنیستەکانی چین بوون بە مەبەستی جێگیر کردنی مارکسیزم لە وڵاتەکەیاندا (بەداخەوە کۆمۆنیزمی چینی لە نادیموکراتیك ترین شێوەی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی دونیایە)، لە لایەکی تر باشترین نوسراوەکانی مارکس- وەکو نوسراوە ئابوری و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیەکانی ئەڵمانیا و گرۆندریسە دەگەڕێتەوە، بۆ پێش نوسینی کاپیتاڵ، یان بە دەربڕینێکی تر نوسراوەکانی ئاڤی لاویی مارکس بوو، لە پاش مردنی مارکس لە چاپ دران و بڵاو بوونەوە. تارادەیەك دوویەرەی مارکسیستەکان، بۆ نموونە لایەنگرە بە ئەمەکەکانی ئەو وەکو، پلخانۆف و لینین لە هەبوونی ئەو بۆچوونانە لە شیکردنەوە بیرەکی و کرداره سیاسیەکانی خۆیاندا بەکاریی بێنن، ئەم دوو هۆکارە، هەروەها هۆکاری سیاسی و مەرامیی تایبەت بووە هۆی ئەوەی کە ئاسۆیەکی نوێ لە توێژینەوەی مارکسیستەکاندا سەرهەڵبدەن دوو رەوتی گشتی و لە هەندێ خاڵدا نەیاری یەکتر لە ناو جەرگەی بیری مارکسیستەکاندا سەرهەڵبدەن:

یەکەم مارکسیزمی نەریتی لە جۆری سۆڤیەت، دووەم مارکسیزمی مرۆڤخوازی خۆرئاوا، پاشان کاریگەری هەندێ لەسەر چاوەکانی مارکس،

روّح تا ئەو کاتەی خۆی لە عەیندا نەبینیەوەو نامۆیی و عەینیەتی نەفەوتێنێ لە تەنگەژەو سنورداریی دەرباز نابێت و بەرەو بێت برانەوە هەنگاو نانێ بەڵام سڕینەوەی نامۆیی و عەینیەتی دونیا نابێت بەشێوەیەك بێت فەوتانی جیهانیی بوونەوەرەکانی لێبکەوێتەوەو دوابەدوای ئەمە لەناوچوونی راستیەکانی لێبکەوێتەوە



هەروەها دەرەنجامی تیۆرییەکانی مارکس بە هـەوڵ و تەقەلای توێژەرەکان کەوتە بەر دیدەی خەڵك هەندێك لە بەپێزترین توێژینەوە لەم بـوارە، نوێ کانتییەکان و مارکسیستەکانی ئۆتریش بە ئەنجامیان گەیاند و ئەوانیش لەژێر کاریگەری کانت بوون و هەندێك لە داهێنەرانەترین رێگە بۆ بەکارهێنانی مارکسیزم بۆ بەرەوڕووبوونەوە لـەگـەڵ کێشە ئـاڵـۆزەکـانـی سـەدەی بیستەم لە رێگەی ئەندامانی فێرگەی فرانکفۆرت بە پاڵپشتی هەندێ لە بنەما فەلسەفییەکانی کانت بە ئەنجام گەیشت. گرینگترین خاڵێك کە لە سەروبەندی ئەم توێژینەدا دەرکـەوت، گرنگی کانت لەسەر بیرۆکەی مارکس هێزو توانای فەلسەفەی رەخنەیی کانت بوو، بۆئەوەی کە شلگیرانە بـــەرەوڕووی کێشە تیۆرکییەکانی ئەم سەردەمە بێتەوە .

1.bertrand Russell , A history of western philosophy, p.525.

١. counter. reformation

٢. jesuits

٣. ignatius loyola

4. society of jesus

4مەبەست لەjesuits ئەندامی لقێکی ئایینی خاچ پەرستەکانە.

. La fleche

. Russell, if.cit., p .528.

. Johannes Kepler

. Herbert Butter Field , The origins of Modern Science : 1300. 1800

. extension

cogito ergo sum

. لە دەربڕینی دیکارتە بیرکردنەوە و گومان و سەرجەم لایەنەکانی تری نەفس (روح) دەگرێتەوە

. theory of knowledge

.epistemology

. Russell , OP.Cit. , p. 567.

.entelechy

-thought

sensualists

empiricists

spiritualists

idealists

rationalist

Innate ideas

Apriori ideas

Aposteriori ideas

self

substans

substratum

conjunction

connection

-(توێژینەوە لە بارەی تێگەیشتنی مرۆیی)
نووسینی دەیڤید هیوم

Association of ideas

Principle of sufficient reason Christian wolff dogmatic Criticisme( (فەرانسەیی:critiqe/critical philosophy(ئینگلیزی)

Emile brehier, histoire de la philosophie,ii, p.455

Age of enlightenment

Russell,history,p.692

Ernst Cassirer,rousseau,kant and Goethe,p.25

Karl jaspers,kant,tr,ralf .manheim,ed,hannah arendt,p.5

- ئـەفـلاتـوون، وەرگێڕانی:محەمەد حسن لطفی.بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە ئەفلاتوون.ب:محەمەد کەماڵ

-immanuel kant, critique of pure reason,tr,norman kemp smith,pp.79-

-f.m.corenford,befor and afer Socrates,pp.29ff.

- لێرەدا ناگونجێ بەرە بەم باسە بلەین، ئەوانەی خولیای زانیاری زیاتر لەسەر کانتن، بڕوانە کانت، کاپلستۆن، بەرگی شەشەم

-an attempt to introduce the concept of negative quantites in to philosophy

-nouveaux essais (1765).

antinomies

- بۆ لێکدانەوەی ئەم بەشە هەستیارەی فەلسەفەی کانت، لە بۆچوونەکانی یاسپەرز کەڵکم وەرگرتووە و سـەرەڕای ئەوەی کە، هەندێک بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لام وایە، لێرەدا باشتر لە نووسینەکانی کەسانێکی وەک؛ کاپلستۆن، بریبە و راسل، ناوەرۆکی بیری فەلسەفی کانتی پێکاوە و لێی تێگەیشتووە.(و.ف)

Synthetic apriori principle

Synthetic unity of ppercetion

Gottfried Martin , kant metaphysics and theory of science ,p,126.


2015
ئاشنابوون بە
جۆن ستوارت
بەرگی یەکەم
پڕۆژەی نوێی دەزگای ئایدیا
100 نامیلکەی فکری و فەلسەفی


jean
paul
sartre